# ئامۆژگاریەك بە بۆنەی هاتنی

# مانگی ڕەمەزان

پێشەوا : عبدالعزيز بن عبدالله ابن باز رحمه الله

وەرگێڕانی : باوكی حارث

پرسیار : مامۆستای بەڕێز ئامۆژگاریتان چیە بۆ موسڵمانان وا ئێمە پێشوازی لەو مانگە پیرۆزە ئەكەین ؟

وەڵام : ئامۆژگاریم بۆ موسڵمانان هەموویان ئەوەیە كە تەقوای خوا بكەن جل وعلی ، وە پێشوازی لە مانگە گەورەكەیان بكەن بە تەوبەی ڕاستگۆیانە لە هەموو تاوانەكان ، وە خۆ شارەزا بكەن لە دینەكەیان و خۆیان فێری حوكمەكانی ڕۆژوو گرتنیان وە حوكمەكانی هەڵسانەوەی شەونوێژیان بكەن ، لە بەر فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم : ( من يرد الله به خيرا يفقه في الدين ) رواه البخاري واتە : ( كەسێك خوا بیەوێ خەیری پێ ببەخشێ شارەزای ئەكا لە دین ) ، وە لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم : ( إذا دخل رمضان فتحت أبواب الجنة، وغلقت أبواب النار، وسلسلت الشياطين ) رواه البخاري ومسلم واتە : ( كە مانگی ڕەمەزان هات دەرگاكانی بەهەشت ئەكرێتەوە ، وە دەرگاكانی ئاگر دا ئەخرێ ، وە شەیتانەكان ئەبەسترێنەوە بە زنجیر ) ، وە لە بەر فەرمودەی پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم : (إذا كان أول ليلة من رمضان فتحت أبواب الجنة وغلقت أبواب جهنم وصفدت الشياطين وينادِ منادٍ: يا باغي الخير أقبل، ويا باغي الشر أقصر، ولله عتقاء من النار وذلك في كل ليلة) رواه الترمذي في الصوم باب ما جاء في فضل شهر رمضان برقم ٦٨٢، وابن ماجة في الصيام باب ما جاء في فضل شهر رمضان برقم ١٦٤٢.

واتە : ( كە بوو بە یەكەم شەوی ڕەمەزان دەرگاكانی بەهەشت ئەكرێنەوە ، وە دەرگاكانی جەهەننەم دائەخرێن ، وە شەیتانەكان ئەبەسترێنەوە ، وە بانگ دەرێك بانگ ئەكا : ئەی ئەوەی خێری ئەوێ ڕوو بكە خێرو نزیك بەرەوە ، وە ئەی ئەوەی شەڕی دەوێ واز بێنە لە شەڕ ، وە خوا خەڵكانێك ڕزگار ئەكا لە ئاگر ئەوەش هەموو شەوێك ) ، وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم بە هاوەڵەكانی ئەفەرموو ڕەزای خوایان لە سەر بێ : (أتاكم شهر رمضان شهر بركة يغشاكم الله فيه فينزل الرحمة ويحط الخطايا ويستجيب الدعاء فأروا الله من أنفسكم خيراً فإن الشقي من حرم فيه رحمة الله) ذكره المنذري في الترغيب والترهيب باب الترغيب في صيام رمضان برقم ١٤٩٠، وقال رواه الطبراني واتە : ( مانگی ڕەمەزان هات بۆتان مانگی

بەرەکەت خوا داتان ئەپۆشی لەو مانگە ڕەحمەتی خۆی دا ئەبەزێنیٚ وە تاوان ئەسڕێتەوە وە دوعا وەرئەگریٚ وەڵامی ئەداتەوە جا لەو مانگە کردەوەی چاك لە نەفسی خۆتان نیشانی خوا بدەن وە بەد بەخت ئەو کەسەیە کە لەو مانگە بێبەش ببیٚ لە ڕەحمەتی خوا ) وە مانای ( أروا الله من أنفسكم خيراً ) واتە : پەلە بکەن بۆ ئەنجام دانی خێرو بۆ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خوا وە دوور کەونەوە لە تاوانەکان و شتە خراپەکان .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمویٚ : (من صام رمضان إيماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه، ومن قام رمضان إيماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه، ومن قام ليلة القدر إيماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه) رواه البخاري ومسلم واتە : ( هەر کەسیٚ مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بیٚ بە ئیمانەوە و چاوەڕێی پاداشتی بیٚ لە خوا ئەوە خوا لە تاوانەکانی پێشوی خۆش ئەبیٚ ، وە هەر کەسیٚ مانگی ڕەمەزان هەڵسێت بە شەو نوێژ بە ئیمانەوە وە چاوەڕێی پاداشتی بیٚ لە خوا ئەوە خوا لە تاوانەکانی پێشوی خۆش ئەبیٚ ، وە هەر کەسیٚ شەوی قەدر هەڵسێت بە شەو نوێژو خواپەرستی بە ئیمانەوە وە چاوەڕێی پاداشتی بیٚ لە خوا ئەوە خوا لە تاوانەکانی پێشوی خۆش ئەبیٚ ) . وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمویٚ خوای گەورەو بەرز فەرموویەتی : (كل عمل ابن آدم له الحسنة بعشر أمثالها إلى سبعمائة ضعف إلا الصيام فإنه لي وأنا أجزي به، ترك شهوته وطعامه وشرابه من اجلي للصائم فرحتان فرحة عند فطره وفرحة عند لقاء ربه، ولخلوف فم الصائم أطيب عند الله من ريح المسك) رواه البخاري ومسلم واتە : ( هەموو کردەوەیەکی نەوەی ئادەم چاکەیەك بۆی بە دە چاکەیە تا حەوت سەد چاکە ئیللا ڕۆژوو نەبێت بۆ منەو وە منیش پاداشتی ئەدەمەوە ، وازی هێناوە لە ئارەزووی وە وازی هێناوە لە خواردن و خواردنەوە لە پێناوی من ، بۆ ڕۆژوو گر دوو خۆشی و ئاسوودەیی هەیە یەکێك لەکاتی ڕۆژوو شکاندنی وە یەکێك لە کاتی گەیشتنی بە پەروەردگاری ، وە بۆنی دەمی ڕۆژوو گر خۆشترو پاکترە لای خوا لە بۆنی میسك ) .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمویٚ : (إذا كان يوم صوم أحدكم، فلا يرفث ولا يصخب، فإن سابه أحد أو قاتله فليقل إني امرؤ صائم) رواه البخاري واتە : ( ئەگەر کەسێکتان بەڕۆژوو بوو لە ڕۆژێکا ، ئەوە با تاوان نەکا و دەنگە دەنگ نەکا و کێشە نەکا لە گەڵ خەڵك ، وە ئەگەر کەسێك جنێوی پێدا یان شەڕی لە گەڵ بکا با بڵیٚ من کەسێکی بەڕۆژووم ) .

وە پێغەمبەر صلى الله عليه وعلى اله وسلم ئەفەرمویٚ :(من لم يدع قول الزور والعمل به والجهل فليس لله حاجة في أن يدع طعامه وشرابه) رواه البخاري في الصحيح واتە : ( هەر کەسیٚ واز

نەهێنێ لە درۆو کار کردن پێی وە واز لە نەفامی نەهێنێ ئەوە خوا پێویستی بەوە نیە کە واز بێنێ لە خواردن و خواردنەوەی ) .

جا وەسیەت بۆ هەموو موسڵمانان کە تەقوای خوا بکەن و ڕۆژووەکەیان بپارێزن دووری بکەن لە هەموو تاوانێك ، وە دروستە بۆیان کە هەوڵی چاکە کاری و خێر بکەن وە پێشبڕکێ بکەن بۆ گوێڕایەڵی و خوا پەرستی لە سەدەقە کردن و زۆر خوێندنەوەی قورئان و تەسبیح (سبحان الله ) و تـەهلیل ( لا الـه الا الله ) و تەحمیـد ( الحمـدلله ) و تـەکبیر ( الله اکـبر ) ئیـستیغفار ( استغفر الله ) ، چونکە ئەو مانگە مانگی قورئانە : { شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ }البقرة ١٨٥ واتە : ( مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە کە قورئانی تیادا هاتۆتە خوارەوە ) . جا دروست و مەشروعە بۆ بڕواداران تێکۆشـان و هەوڵـدان لـە قورئـان خوێنـدن ، وە سـوننەتەو چاکە بـۆ پیاوان و بۆ ئافرەتان زۆر قورئان خوێندنەوە بە شەوو بە ڕۆژ ، وە هەموو حـەرفێك چـاکەیەکە وە چاکە بە دە چاکە ئەژمێردرێ وەك کە ئاوها هاتووە لە پێغەمبەر صلی الله علیـه وعلـی الـه وسلم ، وە لە گەڵ ئاگاداری و خۆ پاراستن لە هەموو خراپەو تاوانەکان ، لە گەڵ فەرمان کردن بە حەق و ئامۆژگاری یەکترو فەرمان کردن بە چاکەو نەهی کردن (ڕێگرتن) لە خراپە .

ئەو مانگـە مـانگێکی گەورەیـە پاداشـتی کردەوەکـانی تیـادا زیـاد ئـەبێت ، وە سـزای خراپـەو تاوانەکانی تیادا زیاد ئەبێت ، جا واجب لە سەر بـڕوا دار ئەوەیـە کـە هـەوڵ و کۆشـش بکـا لـە گەیاندن و ئەنجام دانی ئەو شتانەی خوا لە سەری فەرز کردووە وە ئاگادار بێ و خۆی بپارێزێ لەو شتانەی خوا لە سەری حەرام کردووە ، وە چاو دێری کردنی بۆ ئەمـە لـە ڕەمـەزان زیـاترو گەورەتر بێ ، هەر وەك بۆی دروستە و مەشروعە کە هەوڵ بداو کۆشـش بکـا لـە ئـەنجام دانـی کردەوە خێرەکان لە سـەدەقەکان و سـەردانی نـەخۆش و شـوێن کـەوتنی جـەنازەو گەیانـدنی خزمایەتی ، وە زۆر خوێندنەوەی قورئان و زۆر زیکر کردن زۆر کردنی تەسبیح (سـبحان الله) و تـەهلیل (لا الـه الا الله) و ئیـستیغفار (اسـتغفر الله) و دوعـاو پاڕانـەوە ، تـا غـەیری ئەمـەش لـە ڕووەکانی خەیر و چاکە ، تەمای بە پاداشـتی خـوا بـێ و بترسـێ لـە سـزای خـوا ، داوا لـەخوا دەکەین کە موسڵمانان مۆفەق بکا بۆ ئەوەی خـۆی پێـی ڕازیـە ، وە داوا لـە خـوا دەکـەین کـە ئێمەو هەموو موسڵمانان بگەیەنێتە ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان و هەڵسانەوە تیایـدا بـە شـەو نوێژ بە ئیمان و بە تەمای پاداشت بوون لە لای خوا ، وە داوا لە خوا دەکەین کە ئێمەو هەموو موسڵمانان لە هەموو شوێنێك شارەزا بکا لە دینەکەی وە ڕاگیرمان بکا لە سـەری ، وە داوا لـە خوا دەکەین سەلامەتمان بکا لەو شتانەی هۆن بۆ تورەیی خـوا و سـزاکەی ، هـەروەها داوا لـە خوا ئەکـەم سبحانە کـە هـەموو سـەرۆك و دەسـەڵات داران و هـەموو پێـشەوایانی موسـڵمانان مۆفەق بکا ، وە هیدایەتیان بدا و حاڵیـان چـاك بکـا ، وە مۆفـەقیان بکـا بـۆ حـوکم کـردن بـە

شەریعەتی خوا لە هەموو کارەکانیان ، عیبادەت و خوا پەرستیان ، وە لە کردەوەکانیان وەهەموو شتێکیان ، داوا لە خوا دەکەین کە مۆفەقیان بکا بۆ ئەمە ، لە بەر کار کردن بە فەرمودەی خوای بەرزو گەورە :{ وَأَنِ احْكُمْ بَيْنَهُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ } المائدة ٤٩ واتە : ( حوکم بکە لە بەینیان بەوەی لە لایەن خواوە دابەزیوە ) .وە کار کردن بە فەرمودەی خوا سبحانە :{ أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْماً لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ } المائدة ٥٠ واتە : ( ئایا حوکمی نەفامیان ئەوێ لە غەیری حوکمی خوا ، کێ هەیە حوکمی جوانترو دادوەرتر بێ لە خوا بۆ قەومێك کە دڵنیا بن و دوو دڵ نەبن ) . وە کارکردن بە فەرمودەی خوا سبحانە : { فَلا وَرَبِّكَ لا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجاً مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيماً } النساء ٦٥ واتە : ( نا سوێند بە پەروەردگارت بڕوایان نابێت تاکو تۆ ئەکەن بە دادوەر لە بەینی خۆیان لەو کێشانەی هەیانە پاشانیش لە نەفسی خۆیان دڵ گران نەبن بەوەی تۆ بڕیارت لە سەر داوە وە بەتەواوی تەسلیمی حوکمی تۆ بن بە ئاشکرا و نهێنی بە دڵ و بە کردەوە ) . وە کار کردن بە فەرمودەی خوا سبحانە :{ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلاً } النساء ٥٩ واتە : ( ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە گوێڕایەڵی فەرمانی خوا بکەن وە گوێڕایەڵی فەرمانی پێغەمبەر بکەن وە هەروەها هی سەرکردەو دەسەڵات دارەکانی لە خۆتانن وە ئەگەر لە شتێك بوو بە کێشەو لە سەری جیاواز بوون ئەوە بیگەڕێننەوە بۆ لای خوا _لای قورئان_ وە بۆ لای پێغەمبەر _لای سوننەت_ ئەگەر ئێوە ڕاستە بڕواتان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە ئەوە بۆ ئێوە چاکترین چارەسەرو چاکترین شتە بتان گەیەنێتە حەق ) . وە کار کردن بە فەرمودەی خوا سبحانە :{ قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ} النور٥٤ واتە : ( بڵێ پێیان گوێڕایەڵی فەرمانی خوا بکەن وە گوێڕایەڵی فەرمانی پێغەمبەر بکەن ) . وە کار کردن بە فەرمودەی خوا سبحانە : { وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا } الحشر٧واتە:( ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیە وعلی الە وسلم بۆ ئێوەی هێناوە وەری بگرن و ئەوەی ڕێگری لێکردیە لێی دوور کەوەنەوە ).

ئەوەیە کە واجبە لە سەر هەموو موسڵمانان وە لەسەر سەرکردەکانیان ، واجبە لە سەر سەرکردەکانی موسڵمانان وە لەسەر زاناکانیان وە لەسەر عامەتی خەڵکیان کە تەقوای خوا بکەن وە مل کەچ بن بۆ شەرعی خوا ، وە حوکم بە شەرعی خوا بکەن لە بەینی خۆیان ، لە بەر ئەوەی شەرعێکە کە چاکەو هیدایەتی خۆیانی تێدا وە پاشەڕۆژی چاکی تێدا وە ئابەوە ڕەزامەندی خوا بەدەست دێت وە بەوە ئەگەینە مافمان کە خوا دایناوە بۆمان لە شەرعەکەی

وه هەر بەو شەرعە خۆ پاراستن و پارێزگاری لـە سـتەم ئـەكرێ ، داوای هیدایـەت و مۆفـەقی و چاك بوون لە خوا دەكەین بۆ هەمووماں ، وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى اله واصحابه.

==================================

سەرچاوە : مجموع فتاوى و مقالات متنوعة الجزء الخامس عـشر وەرم گرتـووە لـە مالپـەڕی پێشەوا ابن باز

http://www.ibnbaz.org.sa/index.php?pg=mat&type=fatawa&id=396

{ تێبینی لەلایەن باوكی حارث : فەرموودەی چوارەم كە لـە باسـەكە هـاتووە : (أتـاكم شـهر رمضان شهر بركة يغشاكم الله فيه فينزل الرحمة ويحط الخطايا ويستجيب الـدعاء فـأروا الله مـن أنفسكم خيراً فإن الـشقي مـن حـرم فيـه رحمـة الله) ذكـره المنـذري في الترغيـب والترهيـب بـاب الترغيب في صيام رمضان بـرقم ١٤٩٠، وقـال رواه الطبرانـي فەرموودەیـەكی سـەحیح نیـە لـە كتێبی ضعيف الترغيـب والترهيـب بـە موضـوع داندراوە لـە لایـەن پێـشەوا ئـەلبانی رحمـه الله ژمارەكەشی ٥٩٢ ئەگەر كەسێك ئەیەوێ بچێتەوە سەری والله اعلم } .